
## ب- دەزگا داپۆشراوەکان

دەزگـای بـە تـەواوی جیـاواز لەوانـەی کـە تـا ئێسـتا قسـەمان لێ کـردوون، لـە کاروانسەراکانی شام دەکەوێتە بەرچاو. کاروانسـەراکانی ئـەوێ لـە جیـاتی حەوشـەیەکی ئاوالا هۆڵێکی داپۆشراوی سەربان گۆمەزییان هەیە، لـە کاروانسـەراکانی شـام لـە تـەرزی ئەوانەی پێشوو تەنها خانی (حەریر) و خانی (زەیت)، شـایانی سـەرنجن، دەنـا ئەوانـەی تـر زۆربـەیان دەزگاکانیـان داپۆشـراون، لـە هەریـەك لـە خـانی (سـولەیمان) و خـانی (توتـن)[٣١] ، دوو گومـەزی گـەورە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی کـە بیناکانیـان بـە زەقـی خۆپێشانبدەن. هەروەکو حەوشەی ماڵەکانی شام، بە شێوەیەکی ئاسایی حەوزێکی ئاوی چەندگۆشە لە ناوەڕاستی هۆڵی خانەکانیش هەیە.

خـانی (ئەسـەد) کـە دەکەوێتـە بـازاڕی سەوزەفرۆشی،بـە بایـەخترین کاروانسـەرای داپۆشراوی شامە. بە پێی ئەو نووسـینەی کە لەسـەر دەروازەکـەی نووسـراوە، لـە سـاڵی ١١٦٦ کۆچی (١٧٥٣) ڕۆنـراوە. جگـە لـەوەی بینـاییێکی مۆنۆمێنتـالی نەخشـینە، لـە ڕووی سـوودلێوەرگرتن و بەکارهێنانیشـی زۆر بـە وردی بـیری لێکراوەتـەوە و گونجێـنراوە. ناواخنەکەی بریتییە لە هۆڵێکی چوارگۆشەی گەورە کە بە نۆ گومەز بـانپۆش کـراوە و ژووری بازرگانەکان بە دوو ڕێز دەوری ئەو حەوشـەیان داوە (وێنـە ٤٧). دالانـی دەروازە دەکەوێتـە سـەر تـەوەری ناوەڕاسـتی بـاڵی ڕۆژئـاواو، جگـە لـە پێنـج کونجـی فرۆشـی، دەرگاییێکی لێ دەچێتە نـاو ژووری پاسـەوانان و، دوو پلیکانـەی لێـك جوداو هاویـەکیش تێیدا دەچێتە سەرەوە. دەستی باکووری دەروازەکە مەزارگاییێکە، کە لە گومەزێك و دوو گۆڕی ناوەوەی پێکهاتووە، جگە لەمەش شوێنی نوێژی هەیـە، لەگـەڵ حەوشـۆکەیەکیش کە شوێنی دەستنوێژ و ئاودەستی تێدایەو دەرگاییێکی تایبەتی خۆی هەیـە دەچێتـە نـاو بازاڕی سەوزەوات. بە ئامانجی ئەوەی لە دەوری هۆڵـی ناوەڕاسـت هـەر ژوورێـك دەرگـای


تایبەتی خۆی هەبێت، پێنج ڕاڕەوی تەنگ لە هۆڵەکەوە جیادەبنەوە، چواریان دەکەونە گۆشەی هۆڵەکەو پێنجەمیشیان کە هۆڵەکە بە حەوشێکی پێویست دەبەستێتەوە دەکەوێتە سەر باڵی باشوری، لە نهۆمی سەرەوەشی (وێنە ٤٨) تەنها بازنەیەك ژووری لە تەنیشت یەك هەیە کە هەیوانێکی شێوە گەلەری بە یەکتریان دەبەستێتەوە. تەنها لە باڵی ڕۆژئاوا نەبێت، سەبارەت بە قووڵییەکەی، دوو ڕیزی لە پشت یەکتر جێگەی کراوەتەوە، ڕاستەوخۆ لە کەرخی دەروازەش کە چەند پلیکانەیەك لە ئاستی ژوورەکانی تر بەرزترە، بیرۆی خانچی دامەزرێنراوە، بۆ پەیوەندی بە ژمارەییێکی زۆر لە ژوورەکان، پێنج ڕاڕەوەکە کە بۆ ئەم مەبەستە لە نهۆمی زەمینیش نەخشەکێشراون، لە نهۆمی سەرەوە ئاراستەکانیان گۆڕاوە.




**وێنە ٤٧ – ٤٨: خانی ئەسەد پاشا لە شام**

**لە لایەن (د. ڤولزینگەر و پرۆفیسۆر ڤاتزینگەر) نە خشەکێشراوەتەوە بۆ کۆماندۆی پارێزگاری بیرەوەریەکانی سەر بە سوپای سوریا- ڕۆژاوای عەرەبی**

هۆڵی کاروانسەراکە بە هۆی ئەو ڕۆژنانەی کە لە بنمیچی لوتکەی گۆمەزەکان دامەزرێنراون و، هەروەها بە هۆی ئەو ڕێزە پەنجەرانە کە لە بنکەی گۆمەزەکان کراونەتەوە، ڕۆشن دەبنەوە (وێنە ٤٩). بۆ ئەوەی بنمیچی هۆڵەکە، ئەو شوێنانەی کە گومەزەکانیان هەلگرتووە، لە ڕووی ستاتیکەوە دژی هێزی پتر بەرگری پێشانبدەن، دیواری دەرەوەی هۆڵەکە وەکوو ستارە بەرەو سەرەوە بەرزکراوەتەوە، بە شێوازی ئەو کاروانسەرایانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە ڕێگای نێوان وڵاتەکان دەکەوێتە بەرچاو.



وێنە ٤٩: خانی ئەسعد پاشا لە شام

لە لایەن (د. ڤولزینگەر و پرۆفیسۆر ڤاتزینگەر) نەخیشەکێشراوەتەوە بۆ کۆماندۆی پارێزگاری بیرەوەریەکانی سەر بە سوپای سوریا- ڕۆژاوای عەرەبی


ڕووی کاروانسەراکە تەنها لە کەرخی کونجی دەروازە بە تایبەتی قەشەنگ ڕازاوەتەوە[٣٢]. کەوانەی دەروازەکەی کە بە ستوونی باریکەلە هەلگیراون و بە سێ لۆچ بۆ پاشەوە چووە، ستاکلایدە پڕ هونەرەکانی قوڵایی کونجەکانی، لەگەڵ نەقش و نیگاری ئاسنینی باڵەکانی دەروازە، پێکەوە جوانترین قەنتەرەی ئاسیای نزیکی دەنوێنێ. ستوونەکان توندو شەتەکانە بەرزبوونەتەوە، جگە لەو نەقش و نیگارانەی کە لە بنکەی کەوانەکانەوە، کەوانەکانی لە باوەش گرتووە و، پەنجەرە ڕێکوپێک

دابەشکراو و دەرگا جوانەکانی گرتۆتەوە، تەواوی جوانکاری ژوورەکە لە جۆری مادده بەکارهاتووەکان سەرچاوەی گرتووە. هەموو ئەو دیوارانەی کە دەکەونە بەرچاو، بە جیگۆرکێ لە چینە بەردی پیشەسازی (دەستکرد) و لە کلسی مەرمەری مەیلەو زەردو بەردی بورکانی ڕەنگ شینێکی ڕەش، بیناکراون. بەلای کەم ئەم دیاردەیە لە دەروازەی خانەکانی بەیروت و حەلەب دەکەوێتە بەرچاو، لە کاتێکدا کاروانسەراکانی ئامەد ڕووخساریان هەموو بەو تەرزە ڕازاوەتەوە.

ناتوانرێ ئەوە بسەلمێنرێ کە ئەو تەرزە خانە داپۆشراوانەی شام پێش داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن تورکەکانەوە، هەبووبن، بەلکوو شێوازی تەواو ئاکادیمیانەی ئەو تەرزە بینایانە، وا پیشان دەدەن، کە ئەو جۆرەیان لەگەڵ دەسەلاتدارانی نوێی ولاتەکە پەیدابووبن. تووشی هەڵە نابین ئەگەر بلێین، ئەم شێوازە دەچێتەوە سەر بەرهەمەکانی ڕێنسانسی تورکی و وەکو دوا بەلگەی جموجوڵەکانیان ڕەچاودەکرێت، کە بە هۆی قوتابخانە مەزنەکەی (سینان)[٣٣] پێشکەوت و گەیشتە لوتکە، کە ئامانجی ئەو جموجوڵەش بریتی بووە لەوەی ژووری بیناکان لە یەکتری کۆبکرێنەوەو بە یەکترەوە بپێچرێن و شێوازێکی داخراویان هەبێت، هەروەها شێوە نەخشەیەکی ئاسۆیی ڕۆشن و نائالۆز بهێننە کایەوە.

لە شاری بەغداش تەرزی خانی سەر داپۆشراو دەکەوێتە بەرچاو، بەلام تەنها لە خانی (ئۆرتمە)دا، کە ئەویش لە ساڵی ٧٦٠ کۆچی (١٣٥٩) تەواو کراوە[٣٤]. هۆڵی ناوەوەی ئەو خانە لاکێشەیی هەڵکەوتووەو ڕووبەرەکەی ١١,٣٥ م بەرین و ٣٠ م درێژە و گۆشەکانی لارن، لە دەوری ئەو هۆلە لەنهۆمی زمینی ٢٢ ژووری بازرگانی ڕێزکراوە. لە ڕووەکانی جادەشی، دووکانە ناوبراوەکان کراونەتەوەو ناوەکانیان نووسراوە. لە تەنیشت دالانی دەروازە، کە گومەزێکی نەخشین خراوەتە سەری و لە ناوەندەکەیدا بانە پەنجەرەیەك ڕۆشنی دەکاتەوە، حەوشۆکەیەك هەیە، لەو حەوشەوە پلیکانە دەچێتە نهۆمی سەرەوە. نهۆمی سەرەوەش خاوەنی ڕێزە ژوورێکە (وێنە ٥٠). لە باڵی ڕۆژئاوای خاوەنی ڕێزێك ژووری ترە، کە لە دالانێکەوە لەلای جادەوە دەرگایان بۆ کراوەتەوە. لەسەر دەروازە سەرخانێك کە هەندێك بەرەو جادە دەرپەڕیوە، کراوەتە شوێنی

سەرۆکی خان. ژوورەکانی سەرەوە بە هۆی ڕاڕەوێکی شێوە بالکۆنی بە یەکەوە پەیوەندداری، ئەو ڕاڕەوەش لەسەر ڕیزە ڕاگرێکی لە کەرپوچ چنراوی ستاکلایدی بۆ پێشەوە دەرپەڕیو، ڕۆنراوە (تەختە VII). گومەزەکەی سەر هۆڵی ناوەوەش (وێنە ٥١ و تەختە VII)، پێکهاتووە لە هەشت کەوانە پردی بەرزی گۆشەتیژ، کە بنمیچەکەیان دابەشی حەوت بەشی (خانە) چوارگۆشەیی باریك کردووە. هەریەك لەو بەشانەش لەلای دیوارەوە نیشتوونەتە سەر پەنجەرەیەکی بەرز کە سەردەرەکەیان گومەزێکی تونێلی کەوانە تیژە لە ناوەڕاستەکانیاندا گومەزێکی تری تونێلی گۆشەتیژ بۆ دەرەوە (بە شێوازی بازیلیکی)[٣٥] دەرپەڕیون. کۆتایی ئەو گومەزە تونێلیانەش وەکو پەنجەرە بە کراوەیی هێشتراونەتەوە. ناوەڕاستی ئەوانەش بە هۆی هەشت گۆشەیی چەماوەو شێوە ڕەحەتی کە بانە پەنجەرەیەکی هەیە دەمامك دراوە. بەشە بەرینەکەی ناوەڕاست لە گۆمەزی هۆڵەکەدا، بە هۆی گومەزێکی تونێلی چوارلایی لاکێشەیی بانپۆش کراوە. دیواری ڕۆژئاوای سێ پەنجەرەی هەیە (وێنە ٥١)، لە کاتێکدا هی ڕۆژهەڵاتی (تەختە VII) لەلای سەرەوە کونێکی ڕایەلکراوی شێوە تۆڕی هەیە. بە هۆی ئەو هەموو ڕیزە پەنجەرە لەسەریەکانە، هۆڵەکە بەش بە پێویست بۆ ژیانی بازرگانی ناوەوەی ڕوناکی وەردەگرێت. ژوورەکانیش کە تەنها دەرگایان لەناو هۆڵەکەدا بۆ کراوەتەوە، تا ڕادەیەك تاریکن، بەڵام چونکە هەر بۆ کەلوپەل لێدانان بەکاردێن زۆر ڕەچاو نەکراون.





وێنەی ٥٠ نەخشەی سەرەوەی خانی ئۆرتمە لە بەغدا

(O. Reuther وێنەی کێشاوە)

ئەگەر لە خانی (ئەسەدپاشا)ی شام جگە لەوەی بە هۆی هونەری ئارشیتێکتۆری کە تێیدا خەرجکراوە، وە بە هۆی دوو ڕەنگیی بەردی دیوارەکانیشی، کاریگەرە ژوورییەکان هاتوونەتە ئارا، ئەوا لە خانی ئۆرتمەی بەغدادا پەردە کەوانییەکان، بنمیچە نێوانەییەکان، هاویەکی دابەشبوونی بەشە بیناکان و بە تایبەت دابەشبوونی دیواری ئەم سەرو ئەو سەری هۆڵەکە (شەپکەکان)، هەوڵێکی ئازایانە بووە بۆ هێنانە ئارای کارێکی سەرنجڕاکێش. ئەو ئارشیتێکتۆریەش بە تایبەت بە هۆی پێکهاتە سەرنجکێشە لە کەرپوچ دروستکراوو سواقنەدراوەکانی، وەکو ڕاگری کەوانەکان، پەنجەرەکان و سەردەری دەرگاکان، میچە چەماوەکان، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

شوێن بۆ پشتیر لە خانی ئۆرتمە وەك لە ئەسەدپاشا کەمە. بەڵام هۆی ئەمەش ڕۆشن کراوەتەوە، چونکە لە نووسینەکانیدا هاتووە: "لە سەرەتادا ئەمین مەرجان ئاغا فەرمانی دا کە ئەوە خانووی پۆست و دوکانانە.."

بەو جۆرە بینایانەش گوتراوە (جەم)، بە پێی بۆچوونی مارکۆپۆلۆ تەنها لە لایەن پۆستەکانی قەیسەریی بەکارهاتوون و، شوێنی پشتیریان نەبووە.



وێنە ٥١: پانە بڕگەیەکی خانی ئۆرتمە لە لایەن ڕۆئیتە وێنەکێشراوە

## ج-میسر و هیندستان


کاروانسـەراکانی میسـر هـەمان پێکهاتـەی ئەوانـەی سـوریاو میزۆپۆتامیایـان هەیــە. لێرەشـدا حەوشـەی گـەورە گـەورە بـە ڕیـزە ژوور نـهۆمێك یـان پـتر دەورەدراون. خـانی کەلوپەلفرۆشتن لە شارە گەورەکان لە هەموو لایێکدا بە جادە دەوردراون و لە نـاوەوەی حەوشەو لەلای جادەکاندا ڕیزە کۆگاو فرۆشگایان لیٚ کراوەتـەوە. نزیکە لـە هـەموویاندا لەناو حەوشەدا بیرو سەراوێك ڕۆنراوەو نهۆمی سەرەوەی کراوە بە جێنوێژ.

سەبارەت بە ئازادی ڕووەکانی ئەو کاروانسـەرایانە بـەلای جادەوەوە، وەکو ئەوانـەی قوستەنتینیە، توانراوە بە پێی پێویست بـە پەنجـەرە دەوڵەمـەند بکرێـن، ئـەوەش وای کردووە کە ژوورەکانیان زۆر لە هـی کاروانسـەراکانی سـوریاو میزۆپۆتامیـا ڕۆناکـتر بـن. جوانترین و گەورەترین تـەرزی ئـەو خانـە لـە قاهیـرە کـە نـاوی هـاتووە، خـانی (قـەیت بەگ)ە لە بابولنەسر کە کردوویە بە وەقـف (پێشکەشـی خـودای کـردووە.ع . د.) وە لـە ساڵی ١٤٦٨ دروستکراوە (تەختە VIII). ئەو ساختومانە خاوەنی چوار نهۆمی سـەرەوەیە یەکەم و سێهەمین نـهۆمی لەسـەر ڕاگـری بـەرین ڕۆنـراون. کـە خراونەتـە سـەر دێـوارە هەلگرو دابڕەکانی نهۆمی زەمینیی و هەندێك بۆ دەرەوە دەرپەڕیون. پەنجـەرەکانی بـە ڕایـەڵی لـە دار دەوڵەمەندانـە ڕازاونەتـەوە. دەروازە گـەورە و بەرزەکـەی کـە تـا نــهۆمی دووەم چووە، بە هۆی کەوانەی سێپەڕەیی سەردەرە کراوە و کەمێك نەقشونیگاری تێـدا کراوە. ڕاگـری (بنکـە) نـهۆمی سـێهەمی، لەملاوئـەولای دەروازە زۆر بـەرز و بـە شـێوەی ستاکلاتیتیی پێکهێنراون.

ئەو تەرزە کاروانسەرایە گەیشتۆتە هیندسـتان و ئاسـیای نزیـك، ئـەو ڕاسـتیەش لـە سـەرای (نورمەحــەلی) گـەڕەکی (جـالۆندار دۆئــاب) (Jalondhar Doab) (وێنــە ٥٢)

دەردەکەویت. ئەو کۆشکە لە راستیدا وەکوو کاروانسەرا بیناکراوەو بە پیی نووسینیك لە دەستی راستی دەروازەکەی رۆژئاواشی وەکو کاروانسەرا ناوی هاتووە و نووسراوە: قەدەغەیە پارە لە موسافیران وەربگیریت، چونکە نەواب زەکەریا خان بەهادور، پاریزگاری گەرەك ئەمەی قەدەغە کردووە. ئەگەر فۆیدار (Fojdar)[٣٦] ی گەرەك ئەم پارانەی کۆکردەوە، دیارە ژنەکەی نەفرەت لیکراوە".

ئەو سەرایە بریتیيە لە چوارگۆشەیەك کە دریژی هەر لاییکی ٥٥١ پییەو گۆشەکانی بە کەلووی هەشتگۆشەیی گیراون. دوو دەروازەی لە رۆژهەلات و رۆژئاوا هەیە. لەلای باکووری حەوشەکەی مزگەوتیکی هەیە، لە ناوەراستەکەشی بیرە ئاویکی قشتیلە هەیە، کە باوەردارەکان خۆیان بە ئاوەکەی دەشۆن. لە ناوەراستی بالی باشووری بیناییکی یەکنهۆمی هەیە، کە تایبەت بووە بە شوینی مالی دورستکەرەکەی. ژووری موسافیر و پیاوەکانی خان لە ژوورەکانی دەوری حەوشە بووە. لە هەر لاییکی ٣٢ ژوور هەیەو ژوورەکان پیکهاتوون لە کونج و لە دیواری پشتەوەیان دەرگاییك دەچیتە ناو ژووریکی داخراوی نزیکە چوارگۆشەیی. کونجی گۆشە لارەکانی حەوشەش دەرگایان لی دەبیتەوە بۆ ئەو دوو ژوورەی کە ژیبانە (دیاگۆنال) لەگەلْ یەکتر هەلکەوتوون و لە پشتیانەوە ناوەوەی و کەلووەکە دامەزراوە و لە هەر لاییکی ژووریکی تەنگ هەیە. ئەو بینایە لە سالی ١٠٢٨-١٠٣٠ لە لایەن زەکەریاخان پاریزگاری جالاندا، بە فەرمانی خاتوونە نورجانی هاوسەری جیهانگیر پادشا دروستکراوە.



**وینه ٥٢: سەرای نورمەحەل**

**لە (Archaeolog. Survey of India. Vo IXIV) وەرگیراوە**